# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٩٩) سالّی شازدەیەم ٢٣/ حوزیران/٢٠١٦ زایینی ٢/ پوشپەڕ/ ٢٧١٦کوردی ١٨ / رەمەزان/ ١٤٣٧ کۆچی

**199**

## لەم ژمارەیەدا :

**بڕیاری ژمارە (٨٤) سالّی ٢٠١٦ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل١
تایبەت بە ڕێکخستنەوەی کرێ و ڕسووماتی تایبەت بە خزمەتگوزاریی فڕۆکەخانە شارستانییەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی سالّی ٢٠١٦ وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی** ل٤
ڕێنمایی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

**پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠١٦ کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی** ل١٤
کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی هەرێمی کوردستان

**بەیانی ژمارە (٢ - ٣)ی سالّی ٢٠١٦ وەزارەتی داد** ل٢٢

**بەیانی ژمارە (١١)ی سالّی ٢٠١٦ وەزارەتی ناوخۆ** ل٢٢

http//: www.mojkurdistan.com

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٩٩) السنة السادسة عشرة ٢٣ / حوزيران / ٢٠١٦ميلادي ٢/پوشپەر / ٢٧١٦كوردي ١٨/ رمضان / ١٤٣٧هجري

199

## في هذا العدد:

نظام داخلي رقم (١) لسنة ٢٠١٦ الجمعية العلمية للمحاسبين القانونيين ص ٣٧
الجمعية العلمية للمحاسبين القانونيين - إقليم كوردستان - العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

قرار رقم (٨٥) لسنة ٢٠١٦ رئاسة مجلس الوزراء ص ١

تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠١٦ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ص ٤

بيان رقم (٢ - ٣) لسنة ٢٠١٦ وزارة العدل ص ٢٢

بيان رقم (١١) لسنة ٢٠١٦ وزارة الداخلية ص ٢٢

No. 199 Date: June , 23 , 2016 Vol.: 16

مطبعة تارا

http//: www.mojkurdistan.com

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٢٥٦١ لە ٢٠١٦/٦/٧**

## بڕیاری

## ژمارە (٨٤)ی ساڵی ٢٠١٦

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کرێ و ڕسووماتی تایبەت بە خزمەتگوزاریی فڕۆکەخانە شارستانییەکان لە هەرێمی کوردستان ، و لەسەر پێشنیاری فڕۆکەخانەکان، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣)لە بەرواری ٢٠١٦/٥/٢،و پشت بەست بە ماددەی (١٤) لە یاسای دەزگای فڕۆکەخانەکانی شارستانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨،بڕیاردرا بە:-

١- إنفاذکردنی پەیڕەوی کرێیەکان لە فڕۆکەخانە شارستانییەکان (نظام أجور المطارات المدنية) ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان و هەموارکردنی هەندێك لە کرێ و ڕسووماتی هاتوو لەو پەیڕەوە بەو شێوەیەی لە خشتەی هاوپێچی ئەم بڕیارە هاتووە بەناوی (خشتەی کرێ و ڕسووماتی خزمەتگوزاری فڕۆکەخانە شارستانییەکان لە هەرێمی کوردستان) کە (١٣) بڕگەیە و بە بڕگەی ژمارە (١) (کرێی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دابینکردنی ئاو و کارەبا و پاراستنی ئاسایش بۆ کەرتی تایبەتیی ناو فڕۆکەخانە) دەستپێدەکات، و بە بڕگەی ژمارە (١٣) (بڕی سزای ونکردنی باجی ڕێگەپێدانی ئاسایش بۆ هەردوو بڕگەی (١١) و (١٢)ی ئەم خشتەیە) کۆتایی دێت.

٢- ڕێژەیەك لە داهاتی کرێ و ڕسووماتی خزمەتگوزاریی فڕۆکەخانەکان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری تەرخان دەکرێتەوە بۆ فڕۆکەخانە لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بەکاردێت بۆ پەرەپێدانی کاروباری تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانی فڕۆکەخانە لە هەرێمی کوردستان، و ڕاستەوخۆ لەلایەن فڕۆکەخانەوە خەرج دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان.

٣- وەزیری گواستنەوە و گەیاندن لەسەر پێشنیاری فڕۆکەخانە شارستانییەکان و بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات کە تیایدا ڕۆژی دەستپێکردنی وەرگرتنی هەریەك لەو کرێ و ڕسووماتە دەستنیشان دەکات کە لەم بڕیارەدا ئاماژەیان پێدراوە لەدوای ئامادەسازیی پێویست و بەرچاوکردنی بارودۆخی تایبەتی هەر فڕۆکەخانەیەك بەجیا.

٤- پێدانی دەسەڵات بە وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بۆ هەموارکردنەوەی بڕی کرێ و ڕسووماتی هاتوو لەم بڕیارە و میکانیزمی وەرگرتنی لە کاتی پێویست و لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەکان لە هەرێمی کوردستان بەرچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و بنەمای زیادکردنی داهاتی گشتی و پاراستنی کوالێتی باشی خزمەتگوزارییەکان.

٥- کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٦- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**خشتەی کرێ و ڕسووماتی خزمەتگوزاری**
**لە فڕۆکەخانە شارستانییەکان لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | جۆرەکانی خزمەتگوزاری | فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەربیل | | فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی |
|---|---|---|---|---|
| | | بڕی پارە | | |
| ١ | کرێی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دابینکردنی ئاو و کارەبا و پاراستنی ئاسایش بۆ کەرتی تایبەتیی ناو فڕۆکەخانە | بۆ ئاو و کارەبا | ئەژمارکراوە لە چوارچێوەی کرێی گرێبەستی بەکرێدانی ڕووبەری پێویست بە کەرتی تایبەت | بە ڕێژەی ٣٠ % لە بڕی کرێی ساڵانە |
| | | بۆ پاراستنی ئاسایش | ئەژمارکراوە لە چوارچێوەی کرێی گرێبەستی بەکرێدانی ڕووبەری پێویست بە کەرتی تایبەت | بە ڕێژەی ٢٠ % لە بڕی کرێی ساڵانە |
| ٢ | بڕی کرێی بەکرێدانی ڕووبەری (١) یەك مەتر دووجا لە ناوچەکانی فڕۆکەخانە | ناوچەی سەرداخراو (الأماكن المسقفة) | (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار | (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار |
| | | ناوچەی سەردانەخراو (الأماكن غير المسقفة) | (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار | (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار |
| ٣ | ڕەسمی خزمەتگوزاریی پشکنین و سکان بۆ گەشتەکانی کارگۆ لەسەر هێڵە ئاسمانییەکان | (٣) سێ سەنت بۆ (١) یەك کیلۆگرام | | |
| ٤ | ڕەسمی خزمەتگوزاریی ئاسایش لەسەر هێڵی ئاسمانی بۆ گەشتی چوونی فڕۆکە | (٥ $) پێنج دۆلار بۆ هەر گەشتێك | | |
| ٥ | ڕەسمی خزمەتگوزاریی لەسەر گەشتیارانی نێودەوڵەتی | (٢٥ $) بیست و پێنج دۆلار بۆ هەر گەشتیارێك | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦ | ڕەسمی خزمەتگوزاریی لەسەر گەشتیارانی ناوخۆ | | (١٠ $) دە دۆلار بۆ هەر گەشتیارێك |
| ٧ | کرێی نیشتنەوەی فڕۆکە (Landing Fees) | ئۆپەرەیشنی ڕۆژانە (Daily Operation) | هەمان ئەو برە کرێیانەی کە لە ماددەی (٢) لە پەیڕەوی کرێیەکان لە فڕۆکەخانە شارستانییەکان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ هاتووە بە زیادکردنی ڕێژەی ١٠ % بۆ هەر برێك بەپێی (AIP) Aeronautical Information Publication |
| | | ئۆپەرەیشنی شەوانە ( Night Operation) | (٢٠٠ $) دوو سەد دۆلار وەك کرێی زێدەکی سەرەڕای کرێیەکانی تایبەت بە ئۆپەرەیشنی ڕۆژانە بۆ هەر نیشتنەوەیەک |

| ژ | جۆرەکانی خزمەتگوزاری | | فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەربیل | فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی |
|---|---|---|---|---|
| | | | بڕی پارە | |
| ٨ | ڕەسمی خزمەتگوزاریی سیستمی چێک ئین ( Check – In System) | | (٢ $) دوو دۆلار بۆ هەر بلیتێکی گەشت | |
| ٩ | کرێی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی عەرەبانە (Trolley) | | (٢,٠٠٠) دوو هەزار دینار | |
| ١٠ | کرێی خزمەتگوزاریی پارککردنی ئۆتۆمبیلی تایبەتیی گەشتیاران | ڕاگرتنی کاتیی لەبەردەم تێرمینال | (٣,٠٠٠) سێ هەزار دینار | |
| | | ڕاگرتنی کاتیی لە پارکی هۆڵی پێشوازی | (١.٠٠٠) یەك هەزار دینار | |
| | | پارککردن لەناو فڕۆکەخانە بۆ زیاتر لە کاتژمێرێك | (٢.٠٠٠) دوو هەزار دینار بۆ هەر یەك کاتژمێر | |
| | | هێشتنەوەی ئۆتۆمبیل بۆ هەر بیست و چوار کاتژمێرێك | (٢٠ $) بیست دۆلار | |
| ١١ | ڕەسمی ڕێکخستنی باجی ڕێگەپێدانی ئاسایش بۆ هاتنەژوورەوەی (ئۆتۆمبێلی تایبەت) بۆ ناو فڕۆکەخانە | | (٢٠٠.٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار ساڵانە | |
| ١٢ | ڕەسمی ڕێکخستنی باجی ڕێگەپێدانی ئاسایش بۆ هاتنژوورەوەی (کەس) بۆ ناو فڕۆکەخانە | بۆ کارمەندانی هێڵە ئاسمانییەکان و کۆمپانیای پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی زەمینی | (١٥٠.٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار ساڵانە | |
| | | بۆ کارمەندانی کۆمپانیاکانی تری ناو فڕۆکەخانە | (١٠٠.٠٠٠) سەد هەزار دینار ساڵانە | |
| | | باجی ڕێگەپێدانی کاتیی بۆ هەر (٧) حەوت ڕۆژێك | (٢٥.٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار | |
| ١٣ | بڕی سزای ونکردنی باجی ڕێگەپێدانی ئاسایش بۆ هەردوو بڕگەی (١١) و (١٢)ی ئەم خشتەیە | | (٧٥,٠٠٠) حەفتا و پێنج هەزار دینار | |

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ٨١١٠/٢ لە ٢٠١٦/٥/٢٥**

**ئاماژە بە ( تەوەرەی پێنجەم / ڕێنماییەکانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا) لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٣)ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە رۆژانی ( سێشەممە رێکەوتی ٢٠١٦/٥/٣ و دووشەممە رێکەوتی ٢٠١٦/٥/٩) ئەنجام درابوو ، بڕیاردرا بە دەرکردنی رێنمایی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:-**

**رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٦**

**رێنمایی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)**

**تەوەری یەکەم: مەرجەکانی پێشکەش کردن:**

**١- مەرجی تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس:**

**تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار نابێت لە (٦٠٪) کەمتر بێت کە مەرجێکە بۆ پێشکەشکردن، جگە لە دەرچووانی فاکەڵتی/کۆلیژ و سکوڵەکانی ( پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی ) کە ڕەچاوی تێکرای نمرەیان بۆ ناکرێت. بۆیە تێکڕای نمرەی (٦٠٪) هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبڕکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەك خاڵێك وەردەگرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکارێك تێکرای نمرەکەی (٦٥٪) بوو (٥) خاڵی پێ دەدەرێت بۆ چوونە ناو پێشبڕکێ، ئەگەر یەکێکی تر تێکرای نمرەی (٧٠٪)ی هەبوو ئەوا (١٠) خاڵی بۆ زیاد دەکرێت.**

**٢- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی لە کاتی پێشکەشکردن:**

**أ- لە قۆناغی پرۆسەی پێشکەشکردن هەموو خوازیارێك مافی پێشکەشکردنی بۆ خوێندنی ماستەر هەیە بەبێ هەبوونی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی، بەڵام قوتابی/ خوێندکاری ماستەر دوای کاندیدکردنی بۆ خوێندن، مەرجە ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی بەرزبکاتەوە بۆ نمرەی (٥ی IELTS) یان نمرەی(٥٦ی TOEFL-IBT) یان نمرەی (٤٩٥ی TOEFL-PBT) یاخود (٤٧ی ( PEARSON ACADEMIC-PTE بە مەبەستی دەست پێکردنی بۆ کۆرسی ئەکادیمی خوێندن، بە پێچەوانەوە مافی بەشداریکردنی لە کۆرسی ئەکادیمی نابێت تاوەکو مەرجی زمانی ئینگلیزی نمرەی داواکراوی سەرەوە بەدەست دەهێنێت لە ماوەی ساڵێکدا لە رێکەوتی کاندیدکردنی.**

**ب- ئەو خوازیارانەی کە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی داواکراوی (بڕگەی أ)ی سەرەوەیان تێدایە، ئەوا ڕاستەوخۆ دەست بە خوێندنی ئەکادیمی دەکەن.**

**ج- سەبارەت بەو خوازیارانەی کە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی داواکراوی (بڕگەی أ)ی سەرەوەیان تێدا نییە، دەتوانن لە ماوەی (١) یەك ساڵ ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی خۆیان بەرز بکەنەوە لە رێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ گەیشتن بە ئاستی پێویستی برگەی (أ)ی سەرەوە. بە پێچەوانەوە ئەگەر مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی داواکراوی (بڕگەی أ)ی سەرەوەیان بەدەستنەهێنا، ئەوا راستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین قید) یان بۆ دەردەکرێت.**

د- لەمەودوا سێنتەرەکانی زمانی ئینگلیزی زانکۆ حکومیەکان ڕۆڵی پێگەیاندن و ئامادەکاری دەبینن و دەکرێت قوتابیان /خوێندکاران خولی زمانی ئینگلیزی لە سێنتەرەکانی زمانی ئینگلیزی زانکۆکان ئەنجام بدەن بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی تاوەکو دواتر بتوانن نمرەی پێویستی داواکراوی تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی (٥ی IELTS) پێنجی ئایلتس یان نمرەی(٥٦ی TOEFL-IBT)یان نمرەی (٤٩٥یTOEFL-PBT) یاخود (٤٧ی (PEARSON ACADEMIC-PTE بەدەست بهێنێت

**تێبینی:**

أ- سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ستانداردی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە (IELTS، TOEFL، PEARSON ACADEMIC-PTE) لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق و دەرەوەی وولآت ، پێویستە ئەو سێنتەرەی تاقیکردنەوەی لێ ئەنجام دەدرێت لقێك بێت لە لقەکانی بنکەی سەرەکی ئەو تاقیکردنەوانە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پشت بە وێب سایتی فەرمی (IELTS و TOEFL و PEARSON ACADEMIC-PTE) ببەسترێت و تێیدا ئاماژە بەوەکرابێت کە لقی ئەو سێنتەرە لەو شارە هەیە کە پێشکەشکار تاقیکردنەوەی لێ ئەنجام داوە.

ب- پێویستە لەسەر زانکۆکان ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەو تاقیکردنەوانە (IELTS و TOEFL و PEARSON ACADEMIC-PTE) بکەن کە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق بە پێی خالی (أ)ی برگەی (٢-مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی) لە (تەوەری یەکەم)ی سەرەوە بەدەستهێنراون.

ج- سەبارەت بە تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی زمانی ئینگلیزی وەکو(IELTS، TOEFL، PEARSON ACADEMIC-PTE) پێویستە ماوەکەی بەسەر نەچووبێت و بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) ئەژمار دەکرێت.

د- ئەو پێشکەشکارانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆسن لە پسپۆری زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان)، پێویستە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدەن و هەمان ئاست کە لە خالی (أ)ی برگەی (٢- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی) لە (تەوەری یەکەم) ئاماژەی پێدراوە بەدەست بهێنن.

**٣- مەرجی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

أ- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەنجام دەدەرێت و رێژەی (٣٠٪) نمرەی بۆ تەرخان دەکرێت و (٧٠٪)ی تریش لەسەر تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس ئەژمار دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، مەرجە پێشکەشکار دەربچێت لەم تاقیکردنەوەیە (واتە مەرجە ١٥ نمرە یان زیاتر لە ٣٠ نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت ، بە پێچەوانەوە مافی بەشداریکردنی لە پێشبرکێی نیە)، لێرەدا نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەك (١) یەك خاڵی بۆ زیاد دەکرێت (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار نمرەی (١٦)ی هێنا لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ئەوا (١) یەك خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، ئەگەر نمرەی (٢٠) بیستی هێنا ئەوا (٥) پێنج خاڵی پێ دەدرێت بۆ بەشداریکردنی لە پێشبرکێ).

ب- پێویستە لیژنەیەکی تایبەت لەسەر ئاستی کۆلێژ یان بەش سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات.

ج- هەرکاتێك کورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەکانی کورسی تەرخانکراو، ئەوا بە هیچ شێوەیەك کورسییەکان پڕ ناکرێتەوە.

د- هیچ زانکۆیەك بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکات بۆ پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە.

هـ- بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسیەکانی خوێندنی ماستەر لە هەر بەشێك، پێویستە میلاکی ئەو بەشە و پێداویستی راستەقینەی خوێندنی ماستەر بکرێتە پێوەری سەرەکی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی خوێندنی باڵا چاودێری و وردبینی پلانەکانی خوێندن دەکات.

تێبینی: پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستیدا، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

**٤- مەرجی تەمەن :**

أ- میچ (سقف)ی تەمەن مەرجە بۆ پێشکەشکردن، واتە نابێت تەمەنی خوازیار لە (٤٥) چل و پێنج ساڵ (لەسەر بنەمای ساڵی لەدایکبوون) زیاتر بێت بۆ کارمەندانی سەر بە دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە کاتی پێشکەشکردندا. سەبارەت بە پێشکەشکارانی دەرەوەی دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەبەر ئەوەی خوێندنەکەیان بە شێوازی پاراڵێل دەبێت بۆیە رەچاوی میچ (سقف)ی تەمەنیان بۆ ناکرێت.

ب- ئەو موعید و فەرمانبەرانەی سەر بە دامووەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵان و تەمەنیان لە (٤٥) چل و پێنج ساڵ زیاترە، بۆیان هەیە داواکاری پێشکەشی بکەن بە هەمان پێوەرەکانی سیستمی پاراڵێل.

**٥- مەرجی ساڵانی خزمەت و تێپەربوونی ماوەی پێویست بەسەر دەرچووندا :**

أ- بۆ خوازیارانی دامەزراو ( واتە فەرمانبەری هەمیشەیی بن لە یەکێك لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ) ، پێشکەشکار مەرجە (٢) دوو ساڵی تەواوی خزمەتی فیعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دامەزراندنی هەبێت تا ڕێکەوتی دەستپێکردنی خوێندنی ماستەرەکەی، بە پێچەوانەوە مافی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنی نابێت.

ب- ئەو خوازیارانەی کە دانەمەزراون لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ هەبوونی مەرجی دوو ساڵ دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس مافی پێشکەشکردنیان هەیە و پێویستە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی میری دانەمەزراون.

**تەوەری دووەم:** مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی ماستەر:

١- بۆ کردنەوەی خوێندنی ماستەر لە هەر بەشێکی زانستی مەرجە بە لایەنی کەم (٣) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان (٢) دوو پرۆفیسۆری یاریدەدەر + (٢) دوو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا کە دوو توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای دکتۆرای هەبێت کە پسپۆڕیان لە هەمان بواری بەشەکەیە و مەرجیشە ئەوانەی لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەشی زانستی بن یان خانەنشینکراوی هەمان بەش بن یاخود گرێبەست یان تەنسیبکراو بن لە هەمان ئەو بەشە، لێرەدا پێویستە ئەوانەی کە ستافی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر.

٢- سەبارەت بە کردنەوەی خوێندنی ماستەر لە بەشە هاوشێوەکانی هەمان زانکۆ وەکو (کوردی و کوردی، عەرەبی و عەرەبی ، ئینگلیزی و ئینگلیزی ، کیمیا و کیمیا...هتد) دەکرێت ستافی هەردوو بەشەکە لە کاتی هەبوونی مەرجەکانی خاڵی (١)ی سەرەوە خوێندنی ماستەر بکەنەوە.

٣- سەبارەت بە پسپۆری بۆ کۆمەڵەی پزیشکیەکان، مەرجەکانی خاڵی (١)ی سەرەوە لەسەر ئاستی (کۆلیژ/ سکوڵ) ئەژمار دەکرێت.

٤- پێویستە زانکۆکان پلانی خوێندنی ماستەر ئامادە بکەن لەو بەشانەی کە پێشووتر خوێندنی ماستەریان تێدا کراوەتەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) و ئێستاش مەرجی خاڵی (١)ی سەرەوە و پێداویستی بەردەوامیان تێدایە، واتە بەپێی بوونی مامۆستای پسپۆر بە پلەی زانستی پێویست بەپێی ڕێنماییەکان و بوونی پێداویستیە زانستییەکانی دیکە بۆ خوێندنی ماستەر.

٥- سەبارەت بەو بەشانەی کە دەیانەوێت خوێندنی ماستەر بکەنەوە بۆ یەکەم جار و مەرجەکانی خاڵی (١) یەکی سەرەوەیان تێدایە و دوو خولی بەکالۆریۆسیان دەرچوواندووە ، دەتوانن پڕۆپۆزەلی کردنەوەی خوێندنی ماستەر پێشکەش بە لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆری وەزارەت بکەن بۆ ڕەزامەندی و پەسەندکردنی.

تێبینی: زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان لە مەرجی تێپەڕبوونی دەرچوونی دوو خولی بەکالۆریۆس تەنها بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) دەبەخشرێن.

٦- ماوەی خوێندنی ماستەر لەم سیستمەدا بریتیە لە (٢) دوو ساڵ ( جگە لە ماوەی زمانی ئینگلیزی )، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلیژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچە ماوەکە درێژی بکاتەوە (کە دوایین درێژکردنەوەیە). بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکاری ماستەر فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین القید)ی لە خوێندن بۆ دەردەچێت.

٧- بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت لە کۆبوونەوەی ژمارە (٥) کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٦/٢٩) ئەنجامدرا، ڕەزامەندی دراوە لەسەر کردنەوەی خوێندنی باڵا/ ماستەر لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێك لە زانکۆکان، وە بڕوانامەی ماستەر لە لایەن زانکۆیەکەوە بەهاوبەشی دەدرێت و لۆگۆ (ئارم)ی هەردوو لای لەسەر دەبێت.

**تەوەری سێیەم:** سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقن یان هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین:

١- هاووڵاتی عێراقی دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستان مافی پێشکەشکردنی هەیە بۆ خوێندنی ماستەر بە سیستمی پاراڵێل.

٢- سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی عێراقن (واتە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین) واتە پێشکەشکاری نێودەوڵەتین، ئەوا مافی پێشکەش کردنیان بۆ خوێندنی ماستەر هەیە و لە کاتی دەستەبەرکردنی مەرجە زانستیەکاندا ڕاستەوخۆ بە سیستمی پاراڵێل وەردەگیرێن و ناچنە پێشبرکێ، مەبەست لەم هەنگاوەش بریتییە لە هاندانی پێشکەشکاری نێودەوڵەتی بۆ مەبەستی ئەنجامدانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پێشکەشکار بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕبکاتەوە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نییە.

**تەوەری چوارەم : پێداویستیە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر:**

**١- مەرجە قوتابی/ خوێندکاری ماستەر دوای وەرگرتن و پێش دەستپێکردنی کۆڕسەکانی خوێندن، مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی کە بریتیە لە بەدەستهێنانی نمرەی (٥)ی ئایلتس یان نمرەی(٥٦ی TOEFL-IBT) یان نمرەی (٤٩٥ی TOEFL-PBT) یاخود (٤٧)ی ( PEARSON ACADEMIC-PTE مسۆگەر کردبێت بۆ سەرجەم پسپۆڕییەکانی زانستی و مرۆڤایەتی، بە پێچەوانەوە مافی چوونە نێو کۆرسی ئەکادیمی نیە تا بەدەستهێنانی ئەم مەرجەی توانستی زمانی ئینگلیزی.**

**٢- سەبارەت بە تاقیکردنەوەی کۆڕسەکان:**

**أ- مەرجە قوتابی: خوێندکاری ماستەر لە تاقیکردنەوەی کۆڕسەکان دا نمرەکەی لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت لە هەر یەك لەو بابەتانە و لە کۆتایی هەردوو وەرزەکەدا تێکڕای نمرە (معدل)ی لە (٧٠٪) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە بە پێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا سرینەوەی ناو (ترقین القید) دەکرێت.**

**ب- ئەگەر قوتابی: خوێندکاری ماستەر لە کۆڕسی یەکەم لە نیوەی زیاتری بابەتەکان کەوت، ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقین قید) دەکرێت و مافی چوونە نێو کۆڕسی دووەمی نابێت.**

**٣- قوتابی/خوێندکاری ماستەر لە سەرجەم بوارەکان واتە لە بواری ( زانستە پەتی و سروشتی و (تەطبیقیەکان) و زانستە پزیشکیەکان) و لە بواری ( زانستە مرۆڤایەتییەکان )، مەرجە پێش تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی (١) یەك توێژینەوەی زانستی هەڵێنجراو لە ماستەرنامەکەی لە گۆڤارێکی زانستی باوەڕپێکراو (معتمد) بڵاوبکاتەوە.**

**٤- پێویستە ماستەرنامەی قوتابی: خوێندکاری ماستەر بەشدارییەکی ڕەسەن بێت لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بوارەکەیدا و هەڵسەنگاندنیش بریتی دەبێت لە گفتوگۆی زانستی ماستەرنامەکە لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕەوە و بەپێی ڕێنماییەکانی گفتوگۆی زانستی.**

**٥- کۆڕسە ئەکادیمییەکان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

**کاندیدەکان دوای بەدەستهێنانی ئاستی پێویست لە تاقیکردنەوەی (IELTS) یان هاوتاکەی لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی دیکەی زمانی ئینگلیزی بە پێی خاڵی (أ)ی برگەی (٢- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی)ی (تەوەری یەکەم)ی سەرەوە، ئەوکات بە فەرمی دەبنە قوتابی/ خوێندکاری ماستەر و دەتوانن دەست بە کۆڕسە ئەکادیمیەکان بکەن، بەم پێیە وەرگیراوان لە خوێندنی ماستەر دوو جۆرن:**

**١- کاندیدی خوێندنی ماستەر: ئەوانە دەگرێتەوە کە لە پێشبرکێدا دەرچوون ، بەڵام ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزیان نەگەیشتووەتە ئاستی داواکراو یان هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی توانستی زمانی ئینگلیزیان نییە.**

**٢- قوتابی/خوێندکاری ماستەر: ئەوانە دەگرێتەوە کە ئاستی پێویست لە تاقیکردنەوەکانی (IELTS) یان هاوتاکانی لە تاقیکردنەوە ستانداردەکانی نێودەوڵەتی تر کە ئاماژەیان پێدراوە لە خاڵی (١)ی سەرەوە بەدەست هێناوە.**

**ناوەڕۆکی کۆڕسە ئەکادیمیەکان:**

**أ- ساڵی یەکەم: کۆڕسی یەکەم: کۆرسێکی ئامادەکاری دەبێت بۆ وانەکانی:**

**١- زانستی کۆمپیوتەر (لە لایەن سێنتەری کۆمپیوتەر یان بەشی زانستی کۆمپیوتەری زانکۆ پیادە دەکرێت)، ئامانج لێی ئەوەیە کە قوتابی/ خوێندکار بڕوانامەی (ICDL) یان (IC3) یان بڕوانامەی لەو جۆرە سۆفتوێر و ئەپلیکەیشنانە بەدەستبهێنێت کە پەیوەندیدارە بە خوێندنەکەی.**

**٢- زمانی ئینگلیزی (Academic English) ( لە لایەن سێنتەری زمانی زانکۆکانەوە پیادە دەکرێت ) ئەم کۆڕسە تایبەت دەبێت بە زمانی ئەکادیمی.**

**٣- میتۆدۆلۆجی (لە لایەن سێنتەری توێژینەوەی زانستی زانکۆوە پیادە دەکرێت) و پێویستە کتێبی تایبەت بە (میتۆدۆلۆژی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان) دیاری بکرێت (تاقیکردنەوە لەسەر ئاستی زانکۆ بە شێوەی ناوەندی دەبێت).**

**٤- دوو وانەی پسپۆڕی (لە لایەن بەشی زانستییەوە پیادە دەکرێت).**

**٥- ماوەی ئەم کۆڕسە (١٥) هەفتە دەبێت بە تاقیکردنەوەکانیشەوە.**

**٦- بۆ هەر وانەیەك پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.**

**٧- بۆ هەر وانەیەك پێویستە لە بەرامبەر (١) کاتژمێری تیۆری (٣) کاتژمێری ئەرکی (Workload) (قوتابی/ خوێندکار) هەفتانە ئەنجام بدرێت.**

**٨- دەرچوون و بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی کۆرسەکە مەرجە بۆ پەڕینەوە بۆ کۆرسی دووەم.**

**٩- ئامادەکردنی دوو (٢) پەیپەر کە لە (٣٠٠٠) سێ هەزار وشە کەمتر نەبێت لە ماوەی کۆڕسەکەدا، بۆ وانەکانی (میتۆدی زانستی و وانە پسپۆڕییەکان ) بە پەیڕەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە).**

**١٠- بۆ هەڵسەنگاندنی پەیپەرەکان پێویستە مامۆستایەکی هەمان پسپۆری وەك (Second marker) هەڵسەنگاندن بۆ پەیپەرەکە بکات و (٥٠٪)ی نمرەکە دابنێت.**

**١١- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (٤) سیمینار (پریزێنتەیشن) لە وانەی (Academic English) لە ماوەی کۆڕسەکەدا، بە پەیڕەوکردنی بنەمای (میتۆدی توێژینەوە).**

**١٢- لە (٥٠٪)ی نمرەی کۆتایی کۆرسەکە بۆ هەر وانەیەك لەسەر پەیپەرەکان دەبێت.**

**١٣- هەر قوتابی/ خوێندکارێك ئاستی (زانستی کۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی) بە پێی پێوەرەکان ئامادەکردبێت، لەم کۆڕسەدا بۆی هەژمار دەکرێت و بەشداری لەو وانانەدا (ئیلزامی) نابێت.**

| ساڵی یەکەم، کۆڕسی یەکەم، ماوەی (١٥ هەفتە ) بە تاقیکردنەوەکانیشەوە | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی وانەکان (٥ وانە) لە هەفتەیەکدا | ژمارەی کاتژمێرەکان (١٠-١٢) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | ئەرکی خوێندکار (Workload) (30-35) کاتژمێر کارکردن لە هەفتەیەکدا | تێبینی |
| وانەی (میتۆدی توێژینەوە) بە مەرجێك کتێبی مەنهەجی (Textbook)ی نوێ دیاری بکرێت | (٢) دوو کاتژمێری هەفتانە | ئامادەکردنی (٢) دوو پەیپەری (٣٠٠٠) وشەیی (کوانتیتەتیف، کوالیتەیتیف) بە پەیڕەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە) | • دیاریکردنی مەرجی بەکارهێنانی سەرچاوەی نوێ. • بۆ هەڵسەنگادنی پەیپەرەکان (Second marker) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| وانەی ئینگلیزی ئەکادیمی (نووسین و قسەکردن) Academic English: ) Writing & Speaking( | (٤) چوار کاتژمێری هەفتانە | ئامادەکردنی (٤) سیمینار (پریزێنتەیشن)، بە پەیرەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە) | هەبێت و (٥٠%)ی نمرەکە دابنێت. ● لە (٥٠%)ی نمرەی کۆتایی کۆرسەکە بۆ هەر وانەیەك لەسەر پەیپەرەکان بێت. ● پێوستە لە کۆرسەکاندا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جیبەجێبکرێت (کۆرسبوک، فیدباك، تاقیکردنەوە..تا دوایی) |
| دوو وانەی پسپۆری بە پەیرەوکردنی (دڵنیایی جۆری فێرکردن) | (٢) دوو کاتژمێری هەفتانە بۆ هەر وانەیەك | ئامادەکردنی (٢) دوو پەیپەری (٣٠٠٠) وشەیی بە پەیرەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە) | |
| وانەی زانستی کۆمپیوتەر (ICDL) | بە سەرپەرشتی (سەنتەری کۆمپیوتەر) یان (بەشی زانستی کۆمپیوتەر) | | |

**ب - ساڵی یەکەم: کۆرسی دووەم: کۆرسێکی پسپۆری دەبێت:**

**١- ماوەی ئەم کۆرسە (١٥) هەفتە دەبێت بە تاقیکردنەوەکانیشەوە.**

**٢- خوێندنی (٣-٤) وانەی پسپۆری (لە لایەن بەشی زانستیەوە پیادە دەکرێت) بە پەیڕەوکردنی پرۆسەی (دڵنیایی جۆری فێرکردن).**

**٣- بۆ هەر وانەیەك پێویستە (٢٠-٢٥) کاتژمێری وانەی تیۆری (محاضرات) بخوێنرێت لە کۆرسەکەدا.**

**٤- بۆ هەر وانەیەك پێویستە لە بەرامبەر (١) کاتژمێری تیۆری (٣) کاتژمێری ئەرکی (قوتابی/ خوێندکار) هەفتانە ئەنجامبدرێت.**

**٥- ئامادەکردنی پەیپەرێکی (٤٠٠٠-٥٠٠٠) وشەیی، بۆ هەر وانەیەك بە پەیڕەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە).**

**٦- بۆ هەڵسەنگاندنی پەیپەرەکان پێویستە مامۆستایەکی هەمان پسپۆریی وەك هەڵسەنگێنەریی دووەم (second marker) هەڵسەنگاندن بۆ پەیپەرەکان بکات و (٥٠%) ی نمرەکە دابنێت.**

**٧- (٥٠%)ی نمرەی کۆتایی کۆرسەکە بۆ هەر وانەیەك لەسەر پەیپەرەکە دەبێت.**

| ساڵی یەکەم، کۆرسی دووەم، ماوەی (١٥ هەفتە) بە تاقیکردنەوەکانیشەوە | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی وانەکان (٤ وانە) لە هەفتەیەکدا | ژمارەی کاتژمێرەکان (١٠-١٢) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | ئەرکی خوێندکار (Workload) (30-35) کاتژمێر کارکردن لە هەفتەیەکدا | **تێبینی** |
| (٤) وانەی پسپۆریی بە پەیڕەوکردنی پرۆسەی (دڵنیایی جۆری فێرکردن) | (٢-٤) کاتژمێری هەفتانە بۆ هەر وانەیەك | ئامادەکردنی پەیپەرێکی (٤٠٠٠-٥٠٠٠) وشەیی، بۆ هەر وانەیەك بە پەیرەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە) | - دیاریکردنی مەرجی بەکارهێنانی سەرچاوەی نوێ. - بۆ هەڵسەنگاندنی پەیپەرەکان (second marker) هەبێت و (٥٠%)ی نمرەکە دابنێت. - لە (٥٠%) ی نمرەی کۆتایی کۆرسەکە بۆ هەر وانەیەك لەسەر پەیپەرەکان دەبێت. - پێویستە لە کۆرسەکاندا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆریی جێبەجێ بکرێت (کۆرس بووك، فیدباك، تاقیکردنەوە، تا دوایی). |
| وانەی ئینگلیزی ئەکادیمی (نووسین و قسەکردن) Academic English: ) Writing & Speaking( | (٤) چوار کاتژمێری هەفتانە | ئامادەکردنی (٤) سیمینار (پریزێنتەیشن)، بە پەیرەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە) | |

وەقایعی کوردستان

**ج. ساڵی دووەم: مەرجەکانی پێش دەستپێکردن:**

**١- تەواوکردنی وانەکانی هەردوو کۆرسەکانی ساڵی یەکەم.**

**٢- پەسەندکردنی دۆسیەی دەرچووانی هەردوو کۆرسی ساڵی یەکەم لە لایەن وەزارەتەوە.**

**٣- قوتابی/ خوێندکار مافی دواخستن (تأجیل)ی خوێندنەکەی هەیە بۆ ماوەی ساڵێك، بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆلێج و سەرۆکایەتی زانکۆ.**

**د. ساڵی دووەم: پرۆسەی نووسین و سەرپەرشتیکردن:**

**١- پێویستە کە (قوتابی/ خوێندکار) لە کۆرسی دووەمی ساڵی خوێندنی یەکەمەوە ناونیشانێك پێشکەش بە بەشی زانستی بکات بۆ ئەوەی دواتر کاری لەسەر بکات.**

**٢- لە سەرەتای ساڵی دووەمەوە پێویستە (قوتابی/ خوێندکار) پرۆپۆزەڵێك لەسەر ناونیشانەکەی ئامادە بکات و پێشکەشی بکات.**

**٣- بەشی زانستی لیژنەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەلەکە و پەسەندکردنی پێکدێنێت.**

**٤- لە ساڵی دووەمی خوێندندا (قوتابی/ خوێندکار) پابەند دەبێت بە ڕێژەی ئامادەبوونی هەفتانە بەسەرپەرشتی سەرپەرشتیار و بەشی زانستی بە پێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا.**

**٥- فۆڕمی تایبەت بە دیداری (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار لە بەشە زانستیەکاندا هەفتانە ئیمزا دەکرێت و بنەمایەك دەبێت بۆ ئەرك و مافەکانی (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار.**

| **ساڵی دووەم: نووسینی ماستەرنامە** | | |
|---|---|---|
| **قۆناغی یەکەم** | **قۆناغی دووەم** | **قۆناغی کۆتایی** |
| پەسەندکردنی پرۆپۆزەڵ ( پێوەری میتۆدۆلۆژی ) | نیوەی ماستەرنامە (٤٠٪ بۆ ٦٠٪ ) | تەواوکردنی ماستەرنامە و سیمیناری ئامادەبوونی بۆ گفتوگۆکردن. |

**خشتەی چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان ( hours ) بۆ بەدەستهێنانی یەکە ( credit ):**

**١- ژمارەی یەکە (credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەر کۆرسێك، بەم شێوەیە دەبێت:**

| **چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان ( hours ) بۆ بەدەستهێنانی یەکە ( credit )** | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان هەفتەیەك (٥٠) کاتژمێر | | | | | | |
| کۆی کاتژمێرەکانی کۆرسێك (٧٥٠) کاتژمێر | | | | یەکە (credit) بۆ هەر کۆرسێك (٣٠) یەکە | | |
| (١٠+٣٠+١٠=٥٠) کاتژمێر | | | | (٥٠ × ١٥ = ٧٥٠) کاتژمێر | | ٧٥٠ ÷ ٢٥= (٣٠) یەکە |
| کاتژمێری وانەکان (محاچرات) | یەکە (Credit) بۆ هەر کۆرسێك (٣٠) یەکە ئەرکەکان (Workload) | کاتژمێری تەرخانکراو بۆ پەیپەرو سیمینار | کاتژمێرەکانی هەفتەیەك | ژمارەی هەفتەکانی کۆرس | ژمارەی کاتژمێرەکانی کۆرسێك | ژمارەی کاتژمێر پێویست بۆ یەکەیەك |
| (١٠) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. | (٣٠) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (١٠) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | (٥٠) کاتژمێر | (١٥) هەفتە | (٧٥٠) کاتژمێر | (١) یەکە= (٢٥) کاتژمێر |

**٢- ژمارەی یەکە (Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ ساڵی نووسینی ماستەرنامە، بەم شێوەیە دەبێت:**

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان ( HOURS ) لە ساڵی نووسینی ماستەرنامە بەرامبەر یەکە ( CREDIT )ی پێویست. | | |
|---|---|---|
| کۆی ڕۆژەکان | ژمارەی کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | کۆی یەکەی بەدەستهاتوو بۆ ساڵەکە |
| (٣٠٠) ڕۆژ | (٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا | (٣٠٠ × ٥ = (١٥٠٠) کاتژمێر |
| ١٥٠٠ ÷ ٢٥ = ٦٠ یەکە (CREDIT) | | |

**٣- ژمارەی یەکە (CREDIT)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو ساڵی خوێندنی ماستەر، بەم شێوەیە دەبێت:**

| چۆنیەتی یەکە ( CREDIT )کانی هەردوو ساڵی خوێندنی ماستەر | | |
|---|---|---|
| کۆرسی یەکەم | کۆرسی دووەم | ساڵی نووسینی ماستەرنامە |
| (٣٠) یەکە (CREDIT) | (٣٠) یەکە (CREDIT) | (٦٠) یەکە ) (CREDIT) |
| ٣٠+٣٠+٦٠= (١٢٠) یەکە (CREDIT) | | |

**تەوەری پێنجەم:** سەبارەت بە دەرچووانی زانکۆ تایبەتەکان (زانکۆ ئەهیلەکان):

دەرچووانی زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان مافی پێشکەشکردنیان هەیە بە هەمان مەرج و ڕێنماییەکانی سەرەوە بە شێوازی پارالێل، بە مەرجێك زانکۆکە مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتبێت و بڕوانامەی پێشکەشکار لە لایەن وەزارەتەوە پەسەند کرابێت.

**تەوەری شەشەم:** تێبینیە گشتیەکان:

١- ژمارە و پلانی خوێندنی ماستەر و تەرخانکردنی کورسی خوێندن بە پێی تەوەری حەوتەمی ئەم ڕێنماییە دەبێت.

٢- بە پێی ئەم ڕێنماییە هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە داموودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەروەها داموودەزگاکانی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەتوانن داواکاری بۆ ئەم خوێندنە پێشکەش بکەن بە پێی تەوەری حەوتەم و هەشتەمی ئەم ڕێنماییە.

٣- مەرجە خوازیار پێشکەشی هەمان بواری خوێندنی ماستەر بکات لەسەر بنەمای پسپۆڕی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی، بەڵام سەبارەت بەو بەش و پسپۆڕیانەی کە لێك نزیکن یان لێکچوون هەیە لە نێوان پسپۆڕی هەردوو بەکالۆریۆس و ئەو پسپۆڕییەی کە خوازیار دەیەوێت لە ماستەر پێشکەشی بکات ئەوا دوای ئەنجامدانی بەراوردی زانستی (المقاصة العلمية) لە لایەن لیژنەی زانستی بەش لە نێوان بڕوانامەی هەردوو بەکالۆریۆس و دەستنیشانکردنی پێداویستی لە خوێندنی چەند بابەتێك، دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن. بەڵام مەرجە ئەنجامدانی بەراوردی زانستی (المقاصة العلمية) لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن و پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەنجام بدرێت. لە کاتی دەرچوونی قوتابی/خوێندکار بەم شێوەیە پێویستە ئەو بابەتانەی کە لیژنەی زانستی داوای کردووە وەربگرێت و تێیدا دەربچێت و نمرەی (٦٠٪) کەمتر نەبێت بۆ هەر بابەتێك پێش دەستپێکردنی خوێندنی ماستەر.

٤- کاندیدانی خولی دووەم و سێیەمی بەرنامەی تواناسازی مرۆیی بۆ خوێندنی ماستەر ئەوانەی تا ئێستا مامەڵەکانیان پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەیان نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن، دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن، ئەگەر لە پێشبڕکێ سەرکەوتوو بن و بە فەرمی وەرگیران ئەوا ناویان لە لیستی کاندیدانی تواناسازی دەسڕێتەوە، بەڵام ئەگەر وەرنەگیران ئەوا مافیان وەك کاندیدی تواناسازی پارێزراو دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێشکەشکار پێویستە لە ( وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندیە رۆشنبیرییەکان ) نووسراوی فەرمی بهێنێت کە مامەڵەکەی پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەی نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن.

٥- ئەو کاندیدانەی بە پێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی نێردراوان بۆ دەرەوەی وولات و یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو (بعثات) و (زمالات) لە ئێستادا گەڕاونەتەوە و خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا،یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی وولات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقین القید) کروان بەهۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان نییە تا تێپەربوونی (٣) سێ ساڵ بەسەر گەڕانەوەیان و سڕینەوەی ناویان.

٦- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبێت تا دواین رۆژی پێشکەشکردن ، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت و یاریدەدەری سەرۆك زانکۆکان بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستیان هەیە، هەروەها لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چاودێری و وردبینی دۆکیومێنتەکان و پرۆسەی پێشکەشکردن دەکەن.

٧- ئەو خوازیارنەی کە ئارەزوومەندن بۆ پێشکەشکردن بۆ خوێندنی ماستەر کە دوو ساڵ خزمەتی راژەی فیعلی دوای دامەزراندن و بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆسی تا رێکەوتی دەستپێکردنی خوێندنی ماستەری هەیە شایستەی مۆلەتی خوێندن دەبن بە پێی یاسای ڕاژەی شارستانی هەموارکراوی ساڵی (٢٠٠٩). بەڵام سەبارەت بەو خوازیارانەی کە مەرجی دوو ساڵ خزمەتی فیعلیان نییە دوای بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس و دامەزراندنی ئەوا مافی پێشکەکردنیان هەیە بەڵام مۆڵەتی خوێندنیان بە بێ مووچە دەبێـت.

٨- مۆڵەتی خوێندنی ماستەری ناوەخۆ لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) دەبێت.

٩- پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دا بێت ئەوا هەموو بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ، جگە لە سڕینەوەی ناوەکەی لە خوێندن.

١٠- بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت مامەلە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ( واتە ژمارەکان جبر ناکرێن)

١١- زانینی زمانی کوردی بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان مەرجە بۆ چوونە پێشبڕکێ بۆ ئەم مەبەستەش زانکۆ میکانیزمی پێویست دەگرێتەبەر.

١٢- بە هیچ شێوەیەك ناكرێت قوتابی/ خوێندكاری ماستەر خوێندنەكەی بگوازێتەوە بۆ زانكۆیەكی دیكە.
١٣- ئەگەر لە بەشێكی زانستی بە تەنها یەك قوتابی/ خوێندكاری ماستەر وەرگیرا، ئەوا خوێندنەكەی دوادەخرێت، لە حاڵەتی هەبوونی هەمان پسپۆری لە زانكۆیەكی دیكە ئەوا دەتوانێت تەنها كۆرسەكانی خوێندن بە شێوەی میوانداری وەربگرێت و دواتر توێژینەوە و تاوتوێكردنی ماستەرنامەكەی لە زانكۆی خۆی ئەنجام بدات.

**تەوەری حەوتەم:** پلان و ژمارەی كورسیەكانی ماستەر:

دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە فەرمی داوای پلان لە زانكۆكان دەكات، زانكۆ هەڵدەستێ بە ئامادەكردنی پلانی خوێندنی ماستەر بە پێی ڕێنماییەكان و ژمارەی كورسیەكان دیاری دەكات و لە لایەن ئەنجومەنی زانكۆكەوە پلانی خوێندنی ماستەر و ژمارەی كورسیەكان پەسەند دەكرێت و و دواتریش لە لایەن وەزارەت پلان و ژمارەی كورسیەكان پەسەندەكرێت، كورسیەكانیش بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەكرێت:

١- كورسیە تەرخانكراوەكان بۆ دامودەزگاكانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:
ڕێژەیەك لە كورسیەكان بۆ دامودەزگاكانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەبێت و پرۆسەی پێشكەشكردن سەرتاسەری دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ژمارەیەك لە كورسیەكان بە پێی ڕێژەی خاڵی (١)ی سەرەوە تەرخان دەكرێت بۆ زانكۆ نوێیەكان و زانكۆ پۆلیتەكنیكیەكان، لەم حاڵەتەدا تەنها خوازیارانی میلاكی ئەو زانكۆیانەی كە كورسیان بۆ تەرخانكراوە بۆیان هەیە پێشبركێ لە نێوان خۆیان بكەن لەسەر ژمارەی ئەو كورسیانەی بۆیان تەرخان كراوە، لەم حاڵەتەدا ئەو خوازیارانە بۆیان نییە پێشبركێ لەسەر كورسیەكانی دیكە بكەن، بەڵام پێویستە لە حاڵەتی تەرخانكردنی كورسی بۆ زانكۆ نوێیەكان و زانكۆ پۆلیتەكنیكیەكان لە (١) پێشكەشكاریان زیاتر هەبێت بۆ پێشبركێ كردن لەسەر هەر كورسیەك، لە كاتی مانەوەی كورسیەكانی زانكۆ نوێیەكان و زانكۆ پۆلیتەكنیكیەكان ئەوا كورسیەكان پوچەڵ (إبطال) دەكرێنەوە و پڕناكرێنەوە.

ب- كورسیەكانی دیكە دەبێت بە كورسی هەموو دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا و خودی زانكۆكە، كە هەموو پێشكەشكارێك لە هەر دامودەزگایەكی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بێت مافی هەیە پێشكەشی بكات و لە نێوان خۆیان پێشبركێ بكەن لەسەر ژمارەی كورسیەكان، ئەم خوازیارانەبۆیان نییە لەسەر كورسیە تەرخانكراوەكان بۆ زانكۆ نوێیەكان و زانكۆ پۆلیتەكنیكیەكان پێشكەشی بكەن و پێشبركێ بكەن.

٢- كورسیە تەرخانكراوەكان بۆ دامودەزگاكانی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (كورسی سیستمی پاراڵێل):

أ- ڕێژەیەك لە كورسیەكان بە شێوەی پاراڵێل تەرخان دەكرێت بۆ دامودەزگاكانی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی كە بریتی دەبێت لە فەرمانبەری دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێم و یان ئەو پێشكەشكارانەی كە دانەمەزراون لە هیچ دامەزراوەیەك. ئەم پێشكەشكارانە مافیان نییە لەسەر كورسیەكانی خاڵی (١)ی سەرەوە پێشكەش بكەن.

ب- پێشكەشكردن لەسەر ڕێژەی كورسیەكانی خاڵی (أ)ی سەرەوە بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشكەشكارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی پلانەكە وەردەگیرێت.

**تەوەری هەشتەم:** سەبارەت بە لایەنی دارایی خوێندن:

١- بۆئەوکاندیدانەی لەسەرمیلاکی زانکۆکان و دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵان گشت تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی ئەو زانکۆیە دەبێت کە خوێندنی ماستەری کردۆتەوە(جگە لە دەرچوانی زانکۆ تایبەتەکان کە خوێندنەکەیان بە شێوازی پاراڵێل دەبێت )لەحاڵەتی تەرخانکردنی کورسی بۆ زانکۆ تازەکان، ئەگەر قوتابی/ خوێندکاری ماستەر لەسەر میلاکی زانکۆ نوێیەکان وەرگیرا، ئەوا تێچووی خوێندنەکە (وەکو پاداشتی لیژنەی تاوتوێکردن و سەرپەرشتیار+ خەرجی چاپکردن و خەرجی توێژینەوەکە) جگە لە کرێی خوێندن لە ئەستۆی زانکۆی سوودمەند دەبێت، بە پێچەوانەوە لەسەر ئەستۆی قوتابی/ خوێندکار دەبێت

٢- ئەو کاندیدانەی لە دەرەوەی میلاکی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵان، شێوازی خوێندنەکەیان بە سیستمی پاڕاڵێل دەبێت و تەواوی تێچووی خوێندنی ماستەرەکەیان لە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار دەبێت، بۆیە پێویستە لە کاتی بەدەستهێنانی نوسراوی لاری نەبوونی وەزارەتەکەی ئاماژە بە ڕەزامەندی وەزارەتەکەی بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پێشکەشکار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕبکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

٣- هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس کە لە هیچ فەرمانگە و دامودەزگایەکی حکومەتی هەرێم دانەمەزراون واتە فەرمانبەری هەمیشەیی نین، بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ خوێندنی ماستەر بە شێوازی پاراڵێل، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پێشکەشکار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕبکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

٤- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، کرێی خوێندنی ماستەر بە شێوازی پاڕاڵێل لە لایەن وەزارەتەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان دەستنیشاندەکرێت.

**تەوەری نۆیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و هەر ڕێنماییەکی تر لەمەو پێش دەرچووە کە ناکۆک و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە ، ئەوا کاری پێناکرێت.

**د.یوسف گۆران**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

## هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بریتین لە بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی سەرەکی کە ئەمانەن:**

١- بەردەوام بوونی زیاتر لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندێتی و چۆنیەتی لە خوێندنی باڵادا.

٢- پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بەدیهێنانی هەردوو لێهاتوویی (وانەبێژیی و توێژەریی) بۆ مامۆستایانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا.

٣- بەستنەوەی خوێندنی باڵا بە پێداویستی دامودەزگا حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و سازان لەگەڵ سەردەم و پێداویستیەکانی بازاری کار و بەشداری لە پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتەکان لە هەرێمی کوردستان.

**کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی**

**ژمارە : ١٨ لە ٢٠١٦/٦/١٢**

**پاڵپشت بە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٨) ساڵی ١٩٩٣ تایبەت بە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان ، وە دوابەدوای پەسند کردنی پەیڕەوی کۆمەڵەکەمان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە:-**

**پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦**

**کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١) : پێناسەی زاراوەکان چی دەگەیەنن :**

**یەکەم : کۆمەڵە: کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی و چاودێرانی ژمێریاری .**

**دووەم : ئەنجوومەنی کۆمەڵە : ئەو ئەنجوومەنەیە کە هەڵدەبژێردرێت لە لایەن دەستەی گشتی ، وە بەدواداچوون و پەسندکردنی هەموو بڕیارەکان و ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵە دەکات.**

**سێیەم : تۆمار : تۆماری تایبەت بە کۆمەڵەکە ئامادە کراوە بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەندامان و ناونیشانیان .**

**چوارەم : بڵاوکراوە (النشرة) : بڵاوکراوەیەکی دەوریە لە کۆمەڵە دەردەچی کە تایبەتە بە ناوی ئەو ئەندامانەی کە مافی ئەنجام دانی پیشەکەیان هەیە .**

**پێنجەم : دەستەی گشتی: پێك دێت لە گشت ئەو ئەندامانەی کەسەر بە کۆمەڵەن ( ئاسایی و معنوی ) .**

**شەشەم : ژمێرکاری یاسایی: ئەو کەسەیە کە بروانامەی ژمێرکاری یاسایی بە دەست هێناوە .**

**حەوتەم : چاودێری ژمێریاری : ژمێرکاری یاسایی کە توانای چاودێری ژمێریارییان بەدەست هێناوە .**

**هەشتەم : پیشە : پیشەی چاودێری و وردبینی ژمێریاری .**

**نۆیەم : سەندیکا : سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی هەرێمی کوردستان / عێراق .**

**ماددەی (٢) :**

**کۆمەڵەیەکی زانستی بۆ ژمێرکارانی یاسایی دادەمەزرێت بە ناوی کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق .**

**ماددەی (٣) :**

**کۆمەڵە کەسایەتیەکی یاسایی سەربەخۆی دەبێ وە توانای تەواو لە گرێ بەست کردن وە بەدەست هێنانی ماف و موڵکداری و بەرگە گرتنی پابەندەکان (تحمل الالتزامات) .**

**ماددەی (٤) :**

**بارەگای کۆمەڵە لە هەولێر دەبێت و بۆی هەیە لە پارێزگاکانی هەرێم لق بکاتەوە بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ**

**ماددەی (٥) :**

**ئامانجەکانی کۆمەڵە بەدیهێنانی ئەم خاڵانەیە :-**

**١- ئامادەکردنی کادری پسپۆری باڵا لە ژمێریاری و وردبینی (ژمێرکارانی یاسایی)**

**٢- ڕێکخستنی گۆنگرەو کۆڕی زانستی لە بوارەکانی ژمێرکاری و وردبینی .**

٣- پاڵپشت کردنی بلاّوکردنەوەی توێژینەوە (تعضيد) و لیکۆلینەوەی ژمێریاری و وردبینی و هاندانی نووسینی پەرتوکی پەیوەند بە پیشە .
٤- هاوکاری کردن لەگەڵ دامەزراوەکان و دەستەکان و پەیمانگا نیوخۆییەکان و هەرێمی و نیودەولەتیەکان کە خزمەت بە بەرزکردنەوەی توانای ئەندامەکان بکات و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەکە لەکوردستانی عێراق.
٥- ئامادەکردنی خولی راهێنانی بەردەوام بۆ ژمێرکارانی یاسایی بۆ ئاگاداربوونیان لەسەر نوێترین گۆرانکاری و پێشکەوتن لە بواری ژمێرکاری و وردبینی دا کە خزمەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی وپیشەییان بدات
٦- سەرپەرشتی کردنی پیشەیی ئەندامانی کۆمەڵە و هاندانیان بۆ پابەندبوون بە ئاستی جێ بەجێ کردنی (الاداء) و بنەماکانی هەڵس و کەوتی پیشەیی کە لەکاتی ئیش کردن دا پەیرەو دەکرێت .
٧- بایەخدان (ترويج) بە بنەماکانی پیشەیی و زانستیەکان لە ئیشو کارەکانی ژمێرکاری و وردبینی و بلاّوکردنەوەی هۆشیاری دەرباری یاسا دانانی دارایی (التشريعات المالية)و باجەکان لە نێوان پیشەوەرانیەوە
٨- دانانی ڕێساکان و سەرپەرشتی کردن لەسەر راهێنانی ژمێرکارانی یاسایی ژێر راهێنان (تحت التدريب) .
٩- هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو وەرگرتنی متمانەی کۆمەڵگا بەڕاستی و دروستی و بابەتیانە و سەربەخۆیی بەجێ هێنان و بە بەکارکردنیان لە ئاستێکی بەرز .

**ماددەی ( ٦ ) :**

ئامرازەکانی بەدێهینانی ئامانجەکانی کۆمەڵە :-

١- دامەزراندنی کتێبخانە یەکی زانستی تایبەت بە پیشە ( بەهەماهەنگی لەگەڵ سەندیکا یان ئەنستیتیوتی بالاّی ژمێرکارانی یاسایی) وە دەرکردنی بلاّوکراوەی پیشەیی کە بایەخ بە کاروبارەکانی دەدات (بەشێوەیەکی سەربەخۆ یان لە ناو گۆڤاری ژمێرکار) .
٢- پێکهێنانی ئەنجومەنێك بۆ پیشەکە ، سەرپەشتی پیشەکە لە ئەستۆ بگرێ و هەڵبستی بە بەخشینی مۆڵەتی ئیشکردنی پیشەی چاودێری و وردبینی ژمێریاری .
٣- هەوڵدان لەلایەن لایەنەکانی فەرمی و پەیمانگاکان و کۆمەڵەکانی خۆجێیەتی و نێو دەوڵەتیەکان بۆ دان پێدانان بە کۆمەڵە .
٤- پێك هێنانی چەند لێژنەیەکی پێویست بۆ راپەراندنی چالاکیەکانی کۆمەڵە .

**ماددەی ( ٧ ) :**

**یەکەم:** ئەندام بوون لە کۆمەڵە ئەندامێتی لە کۆمەڵە دەبەخشرێت بە بریاری ئەنجوومەنی کۆمەڵە بۆ کەسانی سروشتی (یان مەعنەوی لەکاتی رێگە پێدان بەمە) عێراقیەکان لە هاولاّتیانی هەرێمی کوردستان یان ئەوانە نشتەجێن لێی (مقيمن) بەم شێوەیە :

١- گشت ژمێرکارانی یاسایی (چاودێرانی ژمێریاری)ی کە لێهاتوون و هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاری پیشەکەیان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی و هەڵگری یەکێك لە بڕوانامەکانی ژمێرکاری یاسایی باوەرپێکراون و لەوانە:

- دبلۆمی بالاّ لە ووردبینی و چاودێری ژمێریاری – بەغدا .
- پەیمانگای بالاّ بۆ خوێندنی ژمێرکاری و دارایی / بەشی ژمێرکاری یاسایی / بەغدا.
- پەیمانگای عەرەبی ژمێرکارانی یاسایی بەغدا.

- ئەنستیتیوتی باڵا بۆ ژمێرکارانی یاسایی – هەولێر .
- پەیمانگای ئەمریکی بۆ ژمێرکارانی یاسایی .
- پەیمانگای ژمێرکارانی یاسایی لە ئنگلتەراو ویلز.
- کۆمەڵەی ژمێرکارانی یاسایی لە شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) .
- پەیمانگا و کۆمەڵەکانی تری هاوشێوە کە بڕوانامە کانیان هاوتای بڕوانامەی پەیمانگاکانی سەرەوەیە.

٢- پێویستە لەسەر هەموو دەرچووانی پەیمانگا ( باڵاکان) ی نا عێراقی ( جگە لە دەرچووانی پەیمانگای عەرەبی ژمێرکارانی یاسایی ) کە ئارەزووی ئیش کردنیان هەیە لە پیشەی چاودێری و وردبینی ژمێرکاری دەربچن تاقیکردنەوەکانی ئەنجوومەن لە بابەتەکانی کەوا ئەنجوومەنی کۆمەڵە پێی باشە بۆ نموونە ( یاسای کۆمپانیاکان – یاساکانی دارایی و باجەکان ، سیستەمی ژمێرکاری یەکگرتووی کۆمپانیاکان ( النظام المحاسبي الموحد للشركات ) یان هەریەك لە بابەتەکانی تر کە ئەنجوومەنی کۆمەڵە پێ باش بێت .

٣- سودمەند دەبن ئەوانەی مۆڵەتی کارکردنیان هەیە لە مومارەسەکردنی پیشە ( لە هەڵگرانی بڕوانامەکانی باڵا جگە لە هەڵگرانی یەك لە بڕوانامەکانی ژمێرکاری یاسایی ) لە کۆمەڵە یان ئەوانەی کە مۆڵەتی ئیشکردنیان پێ دەدرێت لە کۆمەڵەی عێراقی بۆ ژمێرکارانی یاسایی / بەغدا بە مافەکانیان بۆ کارکردن بە ناونیشانی ژمێریاری پیشەیی متمانە پێکراو ژمێرکاری ڕێپێدراو (محاسب مهنی معتمد) (محاسب مجاز) بەدەسەلاتەکانی ووردبین کردن کە لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵە دیاری دەکرێت .

٤- ئەوانەی بڕوانامەی کۆمەڵگەی عەرەبی (المجمع العربی)بۆ ژمێرکارانی یاساییان بە دەستهێناوە- ژمێرکاری پیشەیی متمانە پێکراو – بە دەسەلاتی ووردبینی کەلەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵە دیاری دەکرێت

٥- بە پەیڕەوی بنەرەتی (ناوخۆی) کۆمەڵە رازی بێت بە نووسین .

٦- تەمەنی لە ١٨ سال کەمتر نەبێت .

٧- ئەهلیەتی یاسایی هەبێت.

٨- هیچ پێشینەیەکی لەکەدار و بەد رەوشتی نەبێت .

**دووەم : کۆتایی هێنانی ئەندامیەتی:**

١- دەست لە کار کێشانەوە لە کۆمەڵە .

٢- ئەگەر هاتوو ئەندامەکە زیانی بە کۆمەڵە یان بە ناو بانگی گەیاند یان ناو بانگی پیشەکە .

٣- پابەند نەبوونی ئەندام بە سیستەم و پەیرەوی کۆمەڵە و بریارەکانی .

٤- سەرپێچی کردنی بنەماکانی هەڵسوکەوتی پیشەیی پاش سڕکردنی ئەندامیەتی .

٥- کۆچی دوایی ئەندام یان پاکتاوکردنی کۆمپانیا(تصفیة الشركة).

٦- لەسێ کۆبونەوەی یەك لەدوای یەك بەبێ هیچ هۆکارێك بەشدارنەبێت.

**سێیەم : مافی ئەندامیەتی:**

١- مافی ڕادەربرین و ڕەخنەگرتن و پێشنیازی هەیە.

٢- مافی خۆ پاڵاوتنی بۆ دەستەی کارگێری هەیە.

٣- مافی بەشداری کردنی لە کۆبوونەوەکان هەیە.

**ماددەی ( ٨ ) :**

**پەیکەری کۆمەڵە (هیکل جمعیة)**

**یەکەم : دەستەی گشتی - دەستەی بەڕێوەبردن - سەرۆك - جێگری سەرۆك**

دەستەی گشتی: بەرزترین دەسەڵاتە لەناو کۆمەڵە دا وە لەهەموو ئەندامانی کۆمەڵە پێك دێت ( ئاساییەکان و معنویەکان ) کە هەموو پابەندبوونەکانیان بەرامبەر بە کۆمەڵە جێ بەجێ کردووە ، هەروەها مافی سازدانی کۆبوونەوەی نا ئاسایی ( استثنائی ) هەیە بەدەنگی ٣/٢ ئەندامانی دەستە وەبانگ دەکرێن بۆ کۆبوونەوەی دەستەی گشتی ساڵانە بۆڕاستاندن لەسەر:

١- پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵە بگۆڕێت.

٢- کۆمەڵە لەگەڵ کۆمەڵەیەکی تر یەك بگرێتەوە.

٣- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کۆمەڵە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵە لەهەر دوو ساڵ جارێك.

٤- هەر پێش هاتێکی نوێ کە پێویستی بەگفتوگۆ هەبێت لەدەستەی گشتی.

هەروەها ئەندامانی دەستەی گشتی بە دەنگدانی ئاشکرا سەرۆك و جێگری سەرۆك و دەستەی کارگێڕی کۆمەڵە هەلدەبژێرن کە دەبێ ژمێرکاری یاسایی یان چاودێری ژمێرکاری بن.

**دووەم :** دەستەی بەڕێوەبردن: لە پێنج (٥) ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەگ پێك دێت .

**ماددەی ( ٩ ) :**

**یەکەم:** دەسەڵاتەکانی دەستەی بەڕێوەبردن:

١- وەرگرتن و دەرکردنی ئەندامان بە ٣/٢ دەنگەکان وە هەروەها پێك هێنانی لیژنە بۆهەرگرفتێکی ناو کۆمەڵە

٢- پەسەندکرنی بودجەی ساڵانەی کۆمەڵە و راپۆرتی دارایی .

٣- بەڕێوەبردنی داراییەکانی کۆمەڵە و بە دەست هێنانی ئابونەی بوون بە ئەندام و بەشدار بوون و وەرگرتنی تەبەروع و بەخشینەکان (هبات) ، و سەرف کردنی خەرجیە پێویستیەکان بۆبەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵە و دانانی بەرنامەی کار و چالاکی کۆمەڵە بۆ ماوەی ساڵێك.

٤- ڕەزامەندی لەسەر بە ئەندامبوونی کۆمەڵە لە دەستە هەرێمیەکان و نێودەولەتیەکان.

٥- گشت بڕیارەکانی دەستەی کارگێری بە دەنگدان دەبێت.

٦- پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کاروچالاکی کۆمەڵە لە ماوەی ساڵی رابردوو.

٧- مافی لێپێچینەوە و لێپرسینەوە لەگەل گشت ئەندامانی کۆمەڵە و ئەندامانی دەستەی کارگێری.

**دووەم :** دەسەڵاتەکانی سەرۆکی کۆمەڵە :

١- نوێنەرایەتی کۆمەڵە دەکات لەبەردەم دەزگا رەسمی و نارەسمیەکان.

٢- سەرپەرشتی کۆبوونەوەی دەستەی کارگێری دەکات .

٣- واژوو لەسەر گشت نووسراوەکان دەکات.

**سێ یەم :** دەسەلاتەکانی جێگری سەرۆك: لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك بە ڕەزامەندی سەرۆك و دەستەی کارگێری بۆی هەیە دەسەلاتی سەرۆك بگرێتە ئەستۆ

**ماددەی ( ١٠ ) :** هەڵبژاردن .

**یەکەم :** چۆنیەتی هەڵبژاردن ( آلیة الانتخابات ) .

١- ئەنجومەنی کۆمەڵە پاش تەواوبوونی خولی ، داوا لە دەستەی گشتی دەکات کۆبێتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵە ( دەستەی گشتی بۆی هەیە سەرۆك هەڵبژێرێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ) لە شوێن و کاتی دیاری کراو پێش ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە دوو هەفتە لە بەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

٢- لەکاتی تەواو نەبوونی رێژەی یاسایی لە کۆبوونەوەی یەکەم بە ئامادەبوونی زیاتر لە نیوەی ئەندامانی دەستەی گشتی کۆبوونەوەکە دوا دەخرێت بۆ هەمان رۆژی هەفتەی داهاتوو و دەنگ دان دەدرێت (الاقتراع) لەو کاتە بۆ ئەو ئامادەبوانەی کۆبونەوەی دەستەی گشتی (هەر بێ ڕەچاو کردنی ژمارەیان) .

٣- ئەو ئەندامانەی کە ئارەزووی خۆکاندیدکردنیان هەیە و مەرجەکانی خۆپاڵاوتنیان تێدا هەیە فۆرمی کاندیدکردن وەربگرن و پڕی بکەنەوە لە رازگرایەتی ئەنجوومەن (امانة السر) لەماوەی دوو هەفتەدا و پێشکەش بە رازگرایەتی بکرێت هەفتەیەك پێش بەرواری هەڵبژاردن (ئەوەی ئەو فۆرمەی پێشکەش نەکات مافی خۆ هەڵبژاردنی نابێت).

٤- بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکان و هەماهەنگی لەنێوان کۆمەڵەو سەندیکای ژمێرکاران و ووردبینان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای ژمێریاران و ووردبینان ( ئەوانەی کەمەرجەکانیان تێدایە) دەتوانن خۆیان بپاڵێون بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵە و بە پێچەوانەوە بەپێ ی نووسراوی کۆمەڵەی زانستی ژمێرکارانی یاسایی هەرێمی کوردستان ژمارە (٨) لە ٢٠١٥/٤/٢٨.

٥- رازگرایەتی هەڵدەستێت بەئامادەکردنی لیستەکانی ئەوئەندامانەی کە مافیان هەیەدەنگ بدەن بۆهەڵبژاردن ئەوانەی کە گشت پابەندبوونەکانیان بەجێ هێناوە وپێشکەش بەلیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکرێت

٦- هەڵبژاردن بە ئامادەبوونی دادوەر (حاکم) ئەنجام دەدرێت (نوێنەری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر)

٧- دەستەی گشتی لە نێو ئامادەبووان (٢) دوو ئەندام هەڵدەبژێرێت ، بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردن و وردبینی کردنی لیستەکانی دەنگ دەران و جیاکردنەوەی دەنگەکان و ئامادەکردنی راپۆرتی کۆتایی هەڵبژاردنەکان بە یارمەتی رازگرایەتی کۆمەڵە ( ئەگەر پێویست بکات) بە مەرجێ لەلایەن دادوەر و لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان واژوو بکرێت وە لەوکاتە هەڵبژاردن مەرجە یاساییەکان لە خۆ دەگرێت و ئەنجومەنە نوێ یەکە دروست دەبێت .

٨- هەر ئەندامێك مافی هەڵبژاردنی (پێنج) پاڵێوراوی دەبێت لەو ناوانەی کە کاندید کردنیان ئاشکرا کراوە و هەر ناوێکی دووبارە لە لیستەکە دوور دەخرێتەوە .

٩- ئەو پێنج ئەندامەی کە زۆرترین دەنگیان هێناوە (یان چوار ئەندام ئەگەر هاتوو سەرۆك بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەڵبژاردرابێت ) بە پێی رێزبەندی دەبنە ئەندامی بنەرەتی لە ئەنجوومەن پاش جیاکردنەوەی دەنگەکان و ئەو (دوو) ئەندامەی تر کە پاش رێز بەندەکە دێت بە (یەدەگ) دادەنرێن .

١٠- سەرۆکی ئەنجوومەن هەڵدەستێت بە بەرێوەبردنی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بە پێی خشتەی کاری دارێژراو لەلایەن ( دەستەی گشتی ) .

١١- ئەنجوومەنی نوێ لە ماوەی هەفتەیەك پاش پەسندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵدەسێت بە گرێدانی یەکەم کۆبوونەوەی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك ( ئەگەر هاتوو راستەوخۆ هەڵنەبژاردرابوو) و جێگرەکەی و رازگرەکەی وە دابەش کردنی ئەرکەکانی لە نێوان ئەندامانی ئەنجوومەن

دووەم : ماوەی سەرۆکایەتی و ئەندامێتی ئەنجوومەنی کۆمەڵە بە پێ ی یاسایی کۆمەڵەکان ژمارە (١٨) ی ساڵێ (١٩٩٣) ی هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەو رێنماییانە دەبێت کە لەوەزارەتی ناوخۆوە دەرچووە .

**ماددەی (١١) : داهاتەکانی کۆمەڵە پێك دێت لە :-**

١- ڕەسمی کردنەوەی نووسینگەکان و ئابوونەی بەشدار بوونی ساڵانەی ئەندامان .

٢- ڕەسمی (کرێ یەکانی) پەسندکردنی تەرازووەکان (المیزانیات) .

٣- ڕەسمی پشتگیری و (مامەڵکانی) تایبەت بە ئەندامانی کۆمەڵە .
٤- بەخشینەکان و یارمەتیە فەرمیەکان .
٥- (التبرعات و الهبات) ی تر کە یاساکانی هەرێم ڕێ ی پێ دەدەن .
٦- ئەو گوژمەیەی کە لەلایەن سەندیکاوە بۆی تەرخان دەکرێت .
٧- داهاتی پڕۆژە و وەبەرهێنان کە کۆمەڵە پێ ی هەڵدەسێت.
٨- ژمێرەکانی کۆمەڵە (حسابات الجمعية) مل کەچی ووردبین کردن دەبێت لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق .

**ماددەی (١٢) :**

لەماوەی(٣)مانگ لەدامەزراندنی کۆمەڵە هەڵدەسێت بەئامادەکردنی پەیرەوی ناوخۆ و دەرکردنی ڕێنمایی وسیستەمەکانی پێویست بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی کۆمەڵە.(ئەگەرهاتوو پێویست بکات) .

تۆمارەکان:تۆمارەکانی کۆمەڵەپێك دێت لەمانەی خوارەوە بەمەرجێك لەلایەن فەرمانگەی دادنووسی پەسند کرابێت

١- تۆماری ئەندامان و ئەوانەی سەر بە کۆمەڵەن.
٢- تۆماری بڕیار و کۆنوسی دانیشتنەکان.
٣- تۆماری چالاکی و پڕۆژەکان.
٤- تۆماری ژمێری.
٥- تۆماری کەل و پەل.

سزاکان: ١- ئاگادارکردنەوە دوای سێ جار ٢- سڕکردن بۆ ماوەیەکی دیاری کراو٣- دەرکردن.

هەڵوەشاندنەوە: بەزۆرینەی دەنگەکان ٣/٢ دەستەی گشتی بۆی هەیە کۆمەڵە هەڵبوەشێتەوە هەروەها بەبڕیاری دادگا و بە هۆکاری دیارکراو کۆمەڵە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٣)**:ئەم پەیڕەوەلەڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) دا جێ بەجێ دەکرێت

**محمد سليمان عمر**
**سەرۆکی کۆمەڵە**

## هۆکاری دەرچوون

لە ئاکامی ئەو پێشکەوتنە ئابووری و داراییە کە هەرێم بە خۆیەوە دەبینی وە ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە وەبەرهێنانی ناوخۆ و دەرەکی دەیبینێت و زۆربوونی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە هەرێم کار دەکەن و بە بەردەوامی زیاد دەبن و پێویست بوونی میلاکاتی ژمێرکاری و وردبینی بە توانا بۆ کارکردن لەم بوارەدا بە تایبەتی ژمێرکارانی یاسایی و چاودێرانی ژمێریاری و بۆ گەیشتن بە ڕەوتی پێشکەوتنەکانی زانستی و پراکتیکیەکانی تر بە شێوەیەکی گشتی بە پێویستمان زانی ئەم کۆمەڵەیە دابمەزرێنین بۆ ئامادەکردنی ژمارەیەك لە ژمێرکارانی یاسایی لێهاتوو بە شێوەیەکی زانستی و پراکتیکی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە هەیە لە هەرێم لەم بوارەدا بۆ دابین کردنی پێویستیەکان کاری ژمێرکاری و دارایی و وردبینی لە هەرێم بە میلاکێکی خۆجێیەتی پاراو و بۆ پاراستنی سامانی هەرێم لە بە فیڕۆدان و فەوتان و بە پێشخستنی ڕەوڕەوەی پێشکەوتی ئابووری بە شێوەیەکی کارامەتر ئەمەش وە بە بەخۆ گرتنەوەی گشت ژمێرکارە یاساییەکان لەچواچێوەی یەك کۆمەڵە ئامانجی یەکخستنی خواستەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیان.

**وەزارەتی داد**

## بەیانی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٦

بەپێی ئەودەسەڵاتەی که پێمان دراوە لەماددەی نۆیەم / برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە:-

١- پچراندنی فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرەی سیدصادق لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی هەڵەبجە و بەستنەوەی بە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی سلێمانی .

٢- پچڕاندنی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی دۆکان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی دووەمی سلێمانی و بەستنەوەی بە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی یەکەمی سلێمانی .

## بەیانی ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٦

ئاماژە بەنوسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٥/٩٥٠ لە ٢٠١٦/٤/٢٥) وە پاڵپشت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی که پێمان دراوە لەماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە :-

پچڕاندنی ئیش وکارەکانی تایبەت بە موڵکەکانی سنوری ناحیەی (بەمۆ) لە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی دەربەندیخان و لکاندنی بە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی هەڵەبجە .

**سـنـان چلبی**
**وەزیــری داد**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٨١٢١ لە ٢٠١٦/٥/١٢**

## بەیانی ژمارە ( ١١ ) ساڵی ٢٠١٦

## فراوان کردن و گواستنەوەی گوندی کورداوی نوێ

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ئاماژە بە ڕێنمایی وەزارەتمان ڕێنمایی فراوان کردن و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ و ئاماژە بە نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٣٤٩٦ لە ٢٠١٦/٤/٣) و (٤٩٠٢ لە ٢٠١٦/٥/٤) لە بەرهەبوونی گشت مەرجەکانی ڕێنمایی سەرەوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا:-

بەفراوان کردن و گواستنەوە و پەسەندکردنی حەرەمی نوێ ی گوندی (کورداوی نوێ) سەر بەناحیەی خدران / قائمقامی قەزای دوکان لە پارێزگای سلێمانی و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەڕووبەری (١٥) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٠) لە کەرتی ٢١/ خدران کە زەویەکی بەردەڵانیە بە پێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە وەقایعی کوردستان.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**الجمعية العلمية للمحاسبين القانونيين**

**رقم : ١٨ في ٢٠١٦/٦/١٢**

**إستناداً الى المادة الثانية من قانون رقم ١٨ لسنة ١٩٩٣ الخاص بالجمعيات والمنظمات في أقليم كوردستان ، وبعد مصادقة النظام الداخلي للجمعية من قبل وزارة الداخلية قررنا بإصدار النظام الداخلي التالي:**

## نظام داخلي رقم (١) لسنة ٢٠١٦
## الجمعية العلمية للمحاسبين القانونيين - إقليم كوردستان - العراق

**المادة (١) : يقصد بالمصطلحات التالية مايلي:**

**أولاً : الجمعية : الجمعية العلمية للمحاسبين القانونيين و (مراقبى الحسابات) .**

**ثانياً: مجلس الجمعية: هو المجلس المنتخب من قبل الهيئة العامة ويتولى متابعة و مصادقة جميع قرارات و توصيات مجلس الجمعية.**

**ثالثاً: السجل : السجل الخاص بالجمعية المعد لتسجيل أسماء الاعضاء وعناوينهم**

**رابعاً: النشرة : النشرة الدورية الصادرة عن الجمعية الخاصة بأسماء المنتسبين الذين يحق لهم مزأولة المهنة .**

**خامساً: الهيئة العامة : و يتكون من جميع المنتسبين المنتمين الى الجمعية (الطبيعيين والمعنويين) .**

**سادساً: المحاسب القانوني : الشخص الحاصل على شهادة المحاسبة القانونية .**

**سابعاً: مراقب الحسابات : المحاسب القانوني الحاصل على تاهيل مراقبة الحسابات .**

**ثامناً: المهنة : مهنة مراقبة وتدقيق الحسابات .**

**تاسعاً: النقابة : نقابة المحاسبين والمدققين لإقليم كوردستان/العراق .**

**المادة (٢):**

**تؤسس جمعية علمية للمحاسبين القانونيين بإسم الجمعية العلمية للمحاسبين القانونيين لإقليم كوردستان العراق .**

**المادة (٣):**

**تكون للجمعية الشخصية القانونية المستقلة والأهلية الكاملة في التعاقد وأكتساب الحقوق والتملك وتحمل الألتزامات .**

**المادة (٤):**

**يكون مقر الجمعية في أربيل ويحق لها فتح فروع في محافظات الإقليم بموافقة وزارة الداخلية .**

**المادة (٥):**

**تهدف الجمعية الى تحقيق مايلي :-**

**١- إعداد الكوادر التخصصية العليا في المحاسبة والتدقيق (المحاسبين القانونيين) .**

**٢- تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية فى مجالات المحاسبة والتدقيق .**

**٣- تعضيد ونشر البحوث والدراسات المحاسبية والتدقيقية وتشجيع تأليف الكتب ذات الصلة بالمهنة .**

٤- التعأون مع المؤسسات والهيئات والمعاهد المحلية و الإقليمية والدولية بما يخدم رفع كفاءة الاعضاء والنهوض بمستوى المهنة فى كوردستان العراق .

٥- إعداد الدورات التدريبية المستمرة للمحاسبين القانونيين لاطلاعهم على احدث التطورات فى مجال المحاسبة والتدقيق وبما يخدم الارتقاء بالمستوى العلمى والمهنى لهم .

٦- الإشراف المهنى على اعضاء الجمعية وحثهم على الالتزام بمستويات الأداء وقواعد السلوك المهنى والتى يتم اتباعها خلال مزأولة المهنة .

٧- ترويج الاسس المهنية والعلمية فى أعمال المحاسبة والتدقيق ونشر الوعي بالتشريعات المالية و الضريبية بين ممارسى المهنة .

٨- وضع الضوابط والإشراف على تدريب المحاسبين القانونيين (تحت التدريب) .

٩- توعية المجتمع والحصول على ثقته باستقامة وموضوعية واستقلالية الأداء والمستويات العالية لادائهم المهنى.

**المادة ( ٦ ) :**

وسائل تحقيق أهداف الجمعية :-

١- تأسيس مكتبة علمية متخصصة بالمهنة(بالتنسيق مع النقابة أو المعهد العالى للمحاسبين القانونيين) وأصدار نشرات مهنية تعنى بشؤونها ( بشكل مستقل أو ضمن مجلة المحاسب).

٢- تشكيل مجلس للمهنة يتولى الإشراف على المهنة ويمنح أجازة ممارسة مهنة مراقبة وتدقيق الحسابات

٣- السعى لدى الجهات الرسمية والمعاهد والجمعيات المحلية والدولية للاعتراف بالجمعية .

٤- تشكيل اللجان الضرورية لتسيير نشاط الجمعية .

**المادة ( ٧ ) :**

أولاً : العضوية فى الجمعية : تمنح العضوية فى الجمعية بقرار من مجلس الجمعية للأشخاص الطبيعيين ( أو المعنويين في حالة السماح بذلك) العراقيين من مواطنى أقليم كوردستان أوالمقيمين فيه و كمايلى:

١- كافة المحاسبين القانونيين (مراقيي الحسابات) المؤهلين اللذين يقومون بممارسة عملهم المهنى فى القطاعين العام والخاص والحاصلين على إحدى شهادات المحاسبة القانونية المعترف بها ومنها :

- الدبلوم العالي في تدقيق و مراقبة الحسابات – بغداد
- المعهد العالي للدراسات المحاسبية و المالية / قسم المحاسبة القانونية – بغداد
- المعهد العربي للمحاسبين القانونيين – بغداد
- المعهد العالي للمحاسبين القانونيين – اربيل
- المعهد الامريكي للمحاسبين القانونيين
- معهد المحاسبين القانونيين في انكلترا و ويلز
- جمعية المحاسبين القانونيين في المملكة المتحدة
- المعاهد والجمعيات الاخرى المشابهة و المعادلة شهادتها لشهادة المعاهد الوارد ذكرها أعلاه.

٢- يتوجب على جميع خريجي المعاهد (العليا) غير العراقيه (عدا خريجي المعهد العربى للمحاسبين القانونيين) والراغبين فى ممارسة مهنة مراقبة وتدقيق الحسابات تجاوز الاختبارات التى يعدها المجلس وفى المواضيع التى يرتأيها مجلس الجمعية ( على سبيل المثال – قانون الشركات ،القوانين المالية و الضريبية ،النظام المحاسبى الموحد للشركات ، أواية مواد اخرى يرتأيها مجلس الجمعية)

٣- يتمتع الحاصلين على اجازة ممارسة المهنة ( من حملة الشهادات العليا من غير الحاصلين على إحدى شهادات المحاسبة القانونية ) من النقابة أو اللذين يتم منحهم اجازة ممارسة المهنة من الجمعية العراقية للمحاسبين القانونيين / بغداد بحقوقهم في ممارسة المهنة بلقب محاسب مهني معتمد ( محاسب مجاز ) بصلاحيات تدقيق يحددها مجلس الجمعية.

٤- الحاصلين على شهادة المجمع العربي للمحاسبين القانونيين – محاسب مهني معتمد – ( بصلاحيات تدقيق يحددها مجلس الجمعية) .

٥- أن يقبل بالنظام الأساسى (الداخلي) للجمعية تحريرياً .

٦- العمر لايقل عن ١٨ سنة.

٧- أن يتمتع بالأهلية القانونية.

٨- ليس للعضو أية سوابق سيئة.

**ثانياً : إنتهاء العضوية :**

١- الإستقالة من الجمعية .

٢- اذا أساء العضو للجمعية أو أذا أضر بسمعتها أو بسمعة المهنة .

٣- عدم إلتزام العضو بأنظمة الجمعية ولوائحها و قراراتها .

٤- مخالفة قواعد السلوك المهنى وذلك بعد تجميد عضويته .

٥- وفاة العضو (أو تصفية الشركة) .

٦- عدم حضور إجتماعات الهيئة اكثر من ثلاثة مرات متتالية وبدون عذر مشروع.

**ثالثاً: حقوق العضوية**

١- له الحق في إبداء الرأي والنقد والإقتراح.

٢- له الحق لترشيح في الهيئة الإدارية

٣- له حق في الحضور الإجتماعات المجلس .

**المادة ( ٨ ): هيكل الجمعية :-**

أولاً:- الهيئة العامة :- هي أعلى سلطة في الجمعية و تتكون من جميع المنتمين الى الجمعية ( الطبيعيين و المعنويين) و الذين سددوا كافة التزاماتهم تجاه الجمعية واه حق عقد إجتماعات الإستثنائية بأصوات ٣/٢ أعضاء المجلس ويتم الدعوة الى اجتماع الهيئة العامة سنوياً للمصادقة على مايلى .

١- تغيير النظام الداخلي للجمعية .

٢- للجمعية حق الدمج مع جمعية أخرى

٣- إنتخاب مجلس الجمعية لإدارة الجمعية كل سنتين .

٤- اية امور اخرى مستجدة تحتاج الى مناقشتها في الهيئة العامة .

يحق لأعضاء الهيئة العامة بترشيح رئيس ونائب الرئيس والهيئة الإدارية للمجلس بتصويت علني بشرط أن يكونوا محاسبون قانونيون أو مراقب الحسابات.

**ثانياً**: الهيئة الإدارية: يتألف من خمسة اشخاص أصليين وعضوين احتياط.

**المادة (٩)**: صلاحيات الهيئة الإدارية:

**أولاً**: لهيئة الإدارية الاختصاصات و الصلاحيات التالية :-

١- قبول وفصل الأعضاء ب ٣/٢ الأصوات وتشكيل اللجنة لأية مشكلة أو الحدث يواجهه الجمعية.

٢- المصادقة على الموازنة السنوية للجمعية والتقرير المالى .

٣- ادارة اموال الجمعية وتحصيل بدلات الانتساب والاشتراك و قبول التبرعات و الهبات و صرف النفقات الضرورية لادارة شؤون الجمعية .

٤- الموافقة على عضوية الجمعية فى الهيئات الإقليمية و الدولية .

٥- جميع قرارات مجلس الجمعية تكون بالتصويت .

٦- متابعة وتقييم نشاطات الجمعية للسنة السابقة.

٧- له حق في التحقيق والمسائلة مع جميع أعضاء الجمعية واعضاء مجلس الجمعية.

**ثانياً**: صلاحيات رئيس الجمعية :-

١- تمثيل الجمعية امام الهيئات الرسمية والاهلية .

٢- ترأس إجتماعات مجلس الجمعية (الفصلية).

٣- توقيع على المعاملات الخاصة بالجمعية .

**ثالثاً**: صلاحيات نائب الرئيس :-

في حالة عدم حضور رئيس الجمعية وبموافقة الرئيس وأعضاء مجلس الجمعية يحق له مزاولة صلاحية رئيس الجمعية.

**المادة (١٠)**: الإنتخابات:

**أولاً**: آلية الإنتخابات

١- يدعو المجلس الذي إنتهت دورته الهيئة العامة للإجتماع لإنتخاب أعضاء مجلس الجمعية ( ويمكن للهيئة العامة انتخاب الرئيس بشكل مباشر) في مكان وزمان معينين قبل فترة لاتقل عن اسبوعين من تاريخ اجراء الإنتخابات.

٢- في حالة عدم حصول النصاب في الاجتماع الأول بحضور اكثر من نصف اعضاء الهيئة العامة يؤجل الاجتماع الى نفس اليوم من الاسبوع التالي ويتم الاقتراع حينئذ بمن حضر اجتماع الهيئة العامة(بغض النظر عن عددهم).

٣- على الاعضاء الراغبون بالترشح ممن تتوفر فيهم الشروط استلام واملاء الاستمارة الخاصة بذلك من امانة السر خلال مدة اسبوعين على ان تقدم الى امانة السر قبل اسبوع من تاريخ الإنتخابات ( ولا يحق لمن لم يقدم هذه الاستمارة الترشح للانتخابات ) .

٤- لغرض تقوية أواصر التعاون والتنسيق بين الجمعية و نقابة المحاسبين و المدققين لتحقيق اهدافهما يحق لاعضاء مجلس نقابة المحاسبين والمدققين (ممن تتوفر فيهم الشروط) الترشيح للهيئة العامة وبالعكس حسب كتاب الجمعية العلمية للمحاسبين القانونيين لإقليم كوردستان العدد (٨) والمؤرخ في ٢٠١٥/٤/٢٨.

٥- تتولى امانة السر تهيئة قوائم الاعضاءالذين يحق لهم الانتخاب والذين أوفوا بكافة الالتزامات وتقدم الى اللجنة المشرفة على الانتخاب .

٦- تجري الإنتخابات بحضور حاكم ( ممثل محكمة استئناف منطقة أربيل) .

٧- تنتخب الهيئة العامة من بين الحاضرين عضوين لغرض الإشراف على اجراءات الإنتخابات وتدقيق قوائم الناخبين وفرز الاصوات وإعداد التقرير النهائي للانتخابات بمساعدة امانة سر الجمعية ( ان دعت الضرورة لذلك ) على ان يوقع من قبل القاضي ( الحاكم ) واللجنة المشرفة على الإنتخابات وتعتبر عملية الإنتخابات مستوفية للشروط القانونية ويعتبر المجلس الجديد قائما

٨- يحق لكل عضو ترشيح ما لايزيد عن خمسة أسماء من المرشحين المعلنة أسماءهم ويستبعد أي إسم مكرر في الإستمارة .

٩- يعتبر الأعضاء الخمسة (أو الأربعة في حالة انتخاب الرئيس بشكل مباشر) الحائزين على اعلى الاصوات حسب التسلسل اعضاء اصليين في المجلس بعد فرز الاصوات والعضوين اللذين يليهما عضوين احتياط .

١٠- يقوم رئيس المجلس بادارة اجتماع الهيئة العامة وفقا لجدول الأعمال المقر من قبلها

١١- يقوم المجلس الجديد وخلال مدة اسبوع من المصادقة على نتائج الإنتخابات عقد اجتماعه الأول و اجراء عملية انتخاب جديدة لاختيار الرئيس (اذا لم يتم اختياره خلال الإنتخابات بشكل مباشر) ونائبه وامين السر وتوزيع الواجبات بين اعضاء المجلس.

**ثانياً**: تكون مدة رئاسة وعضوية مجلس الجمعيةحسب قانون الجمعيات رقم (١٨) لسنة (١٩٩٣) لإقليم كوردستان العراق والتعليمات الصادرة بموجبه من وزارة الداخلية .

**المادة ( ١١ ):**

تتكون موارد الجمعية من :-

١- رسوم فتح المكاتب والاشتراك السنوى للاعضاء .

٢- رسوم ( اجور ) تصديق الميزانيات .

٣- الرسوم على تأييدات ومعاملات خاصة بأعضاء الجمعية .

٤- المنح والأعانات الرسمية .

٥- التبرعات والهبات الأخرى والتي تسمح بها القوانين المرعية في الإقليم .

٦- مايرصد لتمويله من قبل النقابة .

٧- ريع المشاريع والاستثمارات التى تقوم بها الجمعية .

٨- تخضع حسابات الجمعية لتدقيق ديوان الرقابة المالية لإقليم كردستان العراق .

**المادة (١٢):**

يعد مجلس الجمعية خلال فترة ثلاثة أشهر من تاريخ تعينه النظام الداخلي و التعليمات والانظمة اللازمة لتسيير أمور الجمعية (ان ارتأت ضرورة ذلك) .

السجلات : سجلات الجمعية يتألف من الآتي بشرط تصديقها من قبل دائرة كاتب العدل :

١- سجل الأعضاء المنتمين للجمعية.

٢- سجل القرارات ومحاضرالإجتماعات.

٣- سجل المشاريع والنشاطات..

٤- سجل الحسابات.

٥- سجل الموجودات.

العقوبات:

١- تنبيه بعد ثلاثة مرات.

٢- تجميد لفترة محددة.

٣- الفصل.

حل الجمعية يحق للهيئة العامة بأكثرية ٣/٢ الأصوات وبقرار المحكمة وبسبب محدده .

**المادة (١٣):** ينفذ هذا نظام من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ).

**محمد سليمان عمر**
**رئيس الجمعية**

## الأسبـاب الموجبة

نظرا للتطورات الأقتصادية والمالية التي يشهدها الإقليم والدور الكبير الذي تلعبه الأستثمارات الداخلية والخارجية فيه والزيادة الكبيرة في عدد الشركات العاملة حاليا والمتزايدة باستمرار والحاجة الملحة للملاكات المحاسبية والتدقيقية الكفوءه للعمل في هذه المجالات و خاصة المحاسبين القانونيين و مراقبي الحسابات ومن أجل مواكبة التطورات العلمية والعملية الأخرى بشكل عام ، أرتأينا تأسيس هذه الجمعية بما يضمن تهيئة إعداد من المحاسبين القانونيين المؤهلين بشكل علمي وعملي سليم من أجل تخطي النقص الكبير في إعدادهم في الإقليم ، وبما يضمن بمتطلبات العمل المحاسبي والمالي والتدقيقي في الإقليم وبملاكات محلية خالصة وبما يساهم في الحفاظ على موارد الإقليم من الهدر والضياع ويساعد في دفع عجلة التقدم الاقتصادي الى الامام بصورة اكثر كفاءة من خلال ضم كافة المحاسبين القانونيين ضمن جمعية واحدة تهدف الى توحيد سبل تحقيق أهدافهم ورفع كفاءتهم المهنية